# پاشماوە ئەلکترۆنیەکان و ئاسەوارە نێگەتیڤەکاکانی ...

پاشماوە ئەلکترۆنیەکان و ئاسەوارە نێگەتیڤەکاکانی ...
پاشماوە ئەلکترۆنیەکان و ئاسەوارە نێگەتیڤەکاکانی ...

ئامادەکردنی
خەرمان غەفور حمدامین

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و کارەباییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لە پیشکەوتن و بڵابوونەوەن وەک ئامێرەکانی (کۆمپیوتەر، مۆبایل ڤیدیۆ، کامیرا، ... هتد) کە بێ گومان بڵاوبوونەوەی ئەم ئامێرانە بۆ زۆری پێداویستی خەڵک دەگەرێتەوە و لەهەمان کاتیشدا پیشکەوتن وگۆڕانی خێرا لەم ئامێرانە بە گشت خەسڵەتەکانیەوە دەگەڕیتەوە بۆ داهێنەر و کرێکاری کارامە بەڵام ئەوەی کە بێویستە لەسەر ئەو داهێنەر و کرێکارانە لەکاتی داهێنان و دروست کردن و گۆڕانکاری کردن لەهەر ئامێرێکی ئەلکترۆنی یان کارەبایی ئەوەیان لەبەرچاوبێت کە بیر لەرزگاربوونی ژینگە و پێکاهەتەکەی بکەنەوە لەکاریگەریە نێگەتیڤەکانی ئەم ئامێرانە لەکاتی لە کارکەوتن و بەسەرچوونی ماوەی بەکارهێنانیان وەهەروەها دەبێت ماوەی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانەش دیاربکرێت .

چونکە ئەگەر بێت و سەرنج لە پێکهاتنی ناوەوەی ئەم ئامێرانە بدەین دەبینین لە چەندان ماددەی کیمیایی ترسناک و ئەکتیڤ پێک هاتوون کە ئەم ماددانە ئاسەواری زۆر نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ژینگە و پێکهاتەکەیەوە ، بۆیە لە کاتی بەسەرچوونی ماوەی ئەم ئامێرانە یان لەکاتی لە کارکەوتن دەبێت بەشێوەیەکی دروست و سیستەمێکی تازەگەرییانە و زۆر بە هۆشیاری مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و ژینگە لە دەست ترسناکی ئەم ئامێرانە رزگاربکرێت کاتیک کە دەبن بە پاشماوە ئەلکترۆنیەکان .

پاشماوە ئەلکترۆنیەکان جۆرێکن لە پیسبوونی ژینگەیی کە دەتوانین بە (هێڵی شاراوە) ناوی ببەین چونکە کە باس لە پیسبوون بە پاشماوە ئەلکترونییەکان دەکرێت زۆر خەڵک سەبارەت بەم جۆرەی پیسبوون هیج زانیاریەکیان نییە لەوانەیە زۆریان هەر گوێ بیست نەبووبن ، بۆیە پێویستە لەسەر ئەوکەسانەی کە لەبوارەکانی دروستی مرۆڤ و گەیاندن و ئیکۆلۆجی کاردەکەن خەڵک ئاگاداربکەنەوە لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم ئامێرانە و بەجۆرێک کە بەشێوەیەکی هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن لەکاتی بەسەرچوونی ماوەی بەکارهێنانیان یان لە کاتی لەکارکەوتنیان وەهەروەها ئاگاداربکرێنەوە کە ئەم جۆرەی پیسبوون ترسناکترین جۆری پیسبوونە کە جیاوازی لەگەڵ زۆربەی جۆرەکانی تری پیسبوون، کە ئەوان پەیدادەبن لە (پاشماوەکانی پیشەسازی وەک ماددەی رەق و شل و گازی ژەهراوی کە لە کارگەکان دەردەچن) کە دەتوانرێت پیسبوونەکەیان دیاربکرێت لە ئەنجامی بینین یان بۆن کردن .

بەڵام ئەوەی کە زۆرترین ترسناکی هەیە و ناتوانرێت دیاربکرێت بریتیە لە پاشماوە ئەلکترۆنیەکان کە دەتوانرێت بناسرێن بە (ئەوبەرهەمانەی کە پێکدێت لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان وەک تەلەفزیۆن ،کۆمپیوتەر، کامیرا ،مۆبایل...هتد، لەلایەن بەکارهێنەرەوە) وە ئەم ئامێرانەش هەموویان لەو رەوشتە هاوبەشن کە دەبن بە پاشماوەی ئەلکترۆنی لە کاتی بە سەرچوونی ماوەی بە کارهینانیان یان لەکاتی لە کارکەوتنیان ئاسەواری نێگەتیڤیان لێدەکەویتەوە چونکە ئەم ئامێرانە پێک هاتوون لە لەوحەی ئەلکترۆنی و بۆڕی تیشکی کاثۆدی کە ئەمەیان ڕێژەیەک لەماددەی قورقوشمی تێدایە بە ئاستێک کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی ژەهراوی بوون کە لەدواییدا پاشماوەی ترسناک پێک دێنێت.

## _ گرنگترین ئاسەوارە نێگەتیڤەکان کە سەرهەڵدەدەن لەئەنجامی بوونی پاشماوەی ئەلکترۆنی :

پاشماوە ئەلکترۆنیەکان ئاسەواری نێگەتیڤیان هەیە لەسەر ژینگە چونکە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی کانزاکان ومادده پلاستیکیەکان و ماددەکیمیاوییە ژەهراوییەکان کە ئامێرە ئەلکترۆنیەکانیان لێ پێک هاتوون وەک ( لوحات الدوائر الكهربائيه، انابيب الزجاج، الاسلاك، المقاومات والمكثفات) و چەندان ئامێری ناوەکی وورد کە زیاتر ٧٠ ٪ بریتی یە لە کانزاقورسەکان وەک ( جیوەو کادمیۆم و..... هتد )، کە ئەم ماددانە کاردە کەنە سەر پیسبوونی ئاوی ژێر زەوی کە لەکاتی سووتاندنی ئەو پاشماوانەی کە زۆر ژەهراویی وسامناکن بە مەبەستی رزگاربوون لێیان ئەوا کۆمەڵێک گازیان لێپەیدا دەبێت وەک گازەکانی ( دوانە ئۆکسیدی کاربۆن و ئۆکسیدی ئاسن و مسی دوانی و ئۆکسیدی توخمە قورسەکان و چەندان گازی ،...هتد ) کەدەبنە هۆی پیسبوونی هەوا کاتێک ئەم گازانە بەر شێ یان باران دەکەون ئەوا بارانی ترشی پەیدادەبێت کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ئاو و خاک .

## - یەکەم قوربانی پاشماوە ئەلکترۆنییەکان کێن :-

مرۆڤ یەکەم قوربانی ئەم پاشماوە ئەلکترونیانە یە ، لەدوای مرۆڤیش ئە م پاشماوانە کاردەکەنە سەر (ئاو ، هەوا، خاک) هەروەک لەپێشەوە ئاماژەمان بە کاریگەری پاشماوە ئەلکترونیەکان کرد لەسەر خاک. ئەم پاشماوە کاریگەری زۆر مەترسیداریان هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤ کەدەبێتە هۆی سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی چەندان نەخۆشی سامناک و لەکارکەوتن و سستبوونی پێک هاتەی چە ندان خانە بەهۆی کاریگەریNێگەتیڤی ئەم پاشماوە سامناکانە

ئەم پاشماوانە ترسناکی کاریگەریان زیاتر دەبێت لەکاتی دووبارە سوود وەرگرتن و دووبارە بە کار هێنانەوەیان کە لە گرنگترین فاکتەرەکانی پیسبوونی ژینگەن کە رێژەی پیسبوون بەرزدەکاتەوە چونکە ئەو ئامێرانە پێک هاتووی ژەهرا ویان تێدایە کە کاردەکاتە سەر تەندروستی و ژینگە. و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەم پاشماوە ئەلکترونیانە بەشێوەیەکی رەمەکی و بەبێ بوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بێ گومان ئاسەواری زۆر نێگەتیڤی دەبێت و ترسناکیەکی زۆر گەورە دروست دەکات لەسەر کرێکارانی ئەنجام دەری کرداری دووبارە بەکارهێنانەوەی ئەم پاشماوانە .

پێشکەوتنی ئەو تەکنەلۆژیایەی کە ئیمرۆ سەری هەڵداوە تاچەند کاریگەرە لەسەر زیادبوونی پاشماوە ئەلکترۆنییەکان:

ئەو پرسیارەی کەپێویستە لێرەدا بیکەین ئەوەیە کە **ئایا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا تاچەند کاریگەرە لەسەر زیادبوونی پاشماوە ئەلکترۆنییەکان؟ وە هۆکارەکەی بۆچی دەگەرێتەوە؟**

گومان لەوەدا نییە کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا ڕۆژبەڕۆژ لە بەرزبوونە وەدایە بە تایبەت لەم ساڵا نەی دواییدا کە زۆر بە خێرایی پەرەی سەندووە بەرەو پێشەوە چووە ، ئەم پێشکەوتنە خێرایەش فاکتەرێک بووە بۆ بەرهەم هێنانی برێکی زۆر لە ئامێرە ئەلکترۆنیەکان و کارەباییەکان بۆ نموونە وەک ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو مۆبایل و چەندان ئامێری تر کە ئەم ئامێرانە لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات و بەسەرچوونی ماوەی بەکارهێنانیان دەگۆڕێن بۆ پاشماوە ئەلکترونیەکان کە زیان بە ژینگە و تەندروستی گشتی دەگەیێنن . هە ربۆ ئەم مەبەستە دەوڵەتە سەرمایە دارەکان لەکاتی بەسەرچوونی ماوەی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە هەڵدەستن بەناردنیان بۆ وڵاتە هەژارەکان (وڵاتانی جیهانی سێیەم) بە مەبەستی یارمەتیدانیان بەڵام ڕاستیەکەی پێچەوانەیە بەڵکو ئەم ئامێرە کۆن و ماوە بە سەرچووانە دەنێرن بە نرخێکی زۆر کەم بەمەبەستی رزگاربوون لە ئاسەوارە خراپ وزیانبەخشەکانی ئەم ئامێرانە و رزگاربوون لە دەستی پاشماوە ئەلکترۆنییەکان هەوڵدەدەن، چونکە لە وڵاتە سەرمایەدارەکان و پێشکەوتووەکان یاسای تایبەتیان هەیە لەم بارەیەوە کە رێگە بە لە ناوبردنی ئەم پاشماوانە نادەن بەشێوەیەکی هەرەمەکی یان بەشێوەیەک کە کاریگەری هەبێت لەسەر زیانگەیاندن بە ژینگە .

## گرنگترین پێک هاتووی مەترسیدار کە لە ئامێرە ئەلکترۆنییەکاندا هەن:

* **باریۆم:** بەکاردەهێنرێت بۆ پارێزگاری کردن لە بەکارهێنەری کۆمپیوتەر لە تیشکەکان .بەڵام لەهەمان کاتدا بەرکەوتن بە ماددەی باریۆم بۆماوەیەکی کەم دەبێتە هۆی پەیدابوونی وەرەم لە موخ و بێ هێزبوونی ماسولکەکانی لەش و هەروەها کاردەکاتە سەر تووشبوونی دڵ و جەرگ و فاتەرەش بە نەخۆشی درێژ خایەن.

* **کرۆم:** ئەم ماددەیە دەبێتە هۆی تێکدانی خانەکانی لەش کە دەتوانێت خانەکە ببرێت و

بچێتە ناوخانە و کاربکاتە سەر تێکشکاندنی ترشی ناوکی، ئەم توخمە بە مەترسیدارترین توخم دادەنرێت کە هەرەشە لە ژینگە دەکات، بۆ نموونە کەلوپەلە پلاستیکیەکان کە کرۆم لە پێک هاتنیاندا هەیە مەزەندە دەکرێت بە ١٣,٨(رگلا) لەکۆمپیوتەردا . وە ٢٦ ٪ ی ئەم کەل وپەلە پلاستیکیانە بریتی یەلە ( پی ڤی سی ) «متعددكلورالفينل» .

* **مەرەکەب:** پاشماوە ئەلکترۆنییەکان کە پێک هاتوون لە (حاویاتی پلاستیکی کە پڕن لە مەرەکبی رەنگاورەنگ و رەش) کە ئەم مەرەکەبانە پێک هاتوون لە ترسناکترین توخم کە ئەویش توخمی کاربۆنە کە فاکتەرێکە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسەدان و شێرپەنچە، هەروەها ئەم مەرەکەبانە کانزا قورسەکانیشی تێدایە .

* **فۆسفۆر:** هەروەها ئەم توخمەش توخمێکی مەترسیدارە کە کاریگەری ژەهراوی هەیە.

* **قورقوشم:** کە ئەم توخمە کاریگەری ترسناک و راستەوخۆی هەیە لەسەر کۆئەندامی دەمار و سوڕی خوێن و گورچیلەکان و کۆئەندامی بەرگری لەشی مرۆڤ جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤی هەیە لەسەر گەشەکردنی عەقلی مندالْ.

ئەوەی کە لێرەدا بۆمان دەرکەوت ئە وەیە کە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان وەک ( ئامێرەکانی کۆمپیوتەر ،ئامێرەکانی مۆبایل و تەلەفۆن، ئامێرە کارەبییەکان ...... هتد) سەرچاوەیەکن بۆ سەرهەڵدان و دروست بوونی پاشماوە ئەلکترۆنییەکان لە کاتی بەسەرچوونی ماوەی بەکارهێنانیان و لە کارکەوتنیان ،کە کاریگەری زۆر ترسناکیان هەیە بۆ سەر مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تر و ئاو وهە واو خاک چونکە ئەم ئامێرانە لە پێکهاتنیان ماددەی کیمیای زۆر ترسناک هەن کارلە جەستەی زیندەوەر دەکەن و ئەم ماددانەش وەک (**فۆسفۆر، قورقوشم ،......هتد**) ، کە دووبارە بەکارهێنانەوەی پێک هاتەکانی ئەم ئامێرانە و لە ناوبردنیان کارێکی زۆر ئەستەمە وترسناکیەکی زۆری هەیە لە سەر ژینگە و پیکهاتەکەی چونکە رزگاربوون لەم پاشماوانە چ بە شاردنەوەیان لەرێگەی ( مەدافن ) نەکان یان بە سوتاندنیان بەبارێکی ئاسایی بۆ رزگاربوون لەم پاشماوانە هەژمارناکرێت چونکە سەرەڕای شاردنەوەیان یان سوتاندنیان کاریگەری نێگەتیڤی هەردەبێت لەسەر ژینگە و دروستی مرۆڤ کە لە وانەیە ببێتە فاکتەرێک بۆ نەخۆشیەکانی وەک (تێکچوونی ئێسکەکان و نەخۆشییەکانی دەمار و بێ هێزی «زیری» و دەرکەوتنی نیشانەکانی پیری لەتەمەنیکی زوودا.......هتد ) بۆیە ئەوەی کە لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە کە پێویستە لەسەر هەریەک لەوەزارەتەکانی گەیاندن و ژینگە گرفتی پاشماوە ئەلکترۆنیەکان بخەنە نێو بەرنامەی کاریانەوەو بەجدی بیر لەم بابەتە بکەنەوە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە دەبینن وڵاتمان بوژانەوەیەکی بێ وێنەی بەسەردا هاتووە بەجۆرێک کە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان و کارەبایيەکان رۆژانە ژمارەیان لە زیادبووندایە کەئەمەش وایکردووە کە بواری تەکنەلۆژیاو زانیاری رۆژ بەرۆژ بەرەو پێشەوە بروات و لە هەمان کاتدا دواکاری خەڵک بۆ ئەم ئامێرانە رۆژ بەرۆژ لە زیادبوونبێت کە ئەمەش جێگای دڵخۆشیە بەڵام لەهەمان کاتدا پێویستە بیر لەوەش بکەینەوە کە لەکاتی بەسەر چوونی ماوەی بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە یان ماوەی لە کارکەوتنیان رێگەچارەیەک هەبێت بۆ رزگاربوونی ژینگە لێیان چونکە دەبن بەپاشماوەی ترسناک بە هۆی ئەوماددانەی کە لە پیکهاتنی ئەم ئامێرانەوە هەیە هەروەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد ئەویش بەدانانی یاسایەکی دیاریکراو لەسەر ئەوکۆمپانیایانەی کە هەڵدەستن بەهێنانی ئەم ئامێرانە بۆ وڵاتمان بەدیاریکردنی ماوەی بەکارهێنانیان، هەروەها دانانی بەرنامەیەکی گونجاو و تۆکمە بۆ رزگاربوون لەم پاشماوانە و کۆنترۆڵکردنیان و دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی ئەم ئامێرانە لەکاتی لەکارکەوتن یان بەسەرچوونی ماوەی بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی رەمەکی یان بەشێوەیەک کە زیان بگەینێت بە تەندروستی مرۆڤ و ژینگەکەی، ئەوەی کە لەهەمووشی گرنگتربێت و شایەنی بایەخ پیدانبێت بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گشتی یە لەنێو بەکارهێنەران بۆدوورکەوتنەوە لە و تەوژمەی پیسببوونی ژینگە کە هەموو وڵاتانی جیهان بە دەستیەوە دەناڵێنن کە وای کردووە رۆژ بە رۆژ نەخۆشیە مەترسیدارەکا ن تەشەنە بکە ن و سیستەمی ئیکۆلۆجیش بەرەو سستی بڕوات.

سەرچاوە / ئینتەرنێت